

وەرزش
یەکشەممە 2009/6/28
ژمارە 237



# وەرزشوانان دەنگ بە سەرۆک بارزانی و لیستی 54 دەدەن

١٢

**ڕاپۆرت و وێنە: ئەردەلان قادر**

وەک وەفادارییەک بۆ ڕۆڵی جوامێرانەی سەرۆک بارزانی بۆ خزمەتکردنی کورد و کوردستان و ئاوەدانکردنەوە و بوژانەوەی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە، بەتایبەتی بواری وەرزشی کە ئەمڕۆ پێشڤەچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، هەربۆیە وەرزشوانان بەیەک دەنگ و یەک هەڵوێست ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە کە دەنگ بە سەرۆک بارزانی کە ژمارە 12یەوە هەروەها دەنگ بە لیستی کوردستان بدەن کە ژمارەکەی 54ە. **سەرەتا تاهیر سابیر خۆشناو بەڕێوەبەری وەرزش و لاوانی هەولێر گوتی:** دەنگدان بە سەرۆک بارزانی وەفایەکی مێژووییە بۆ هەموو تاکێکی کورد لە بۆ ئەو سیاسەتە حەکیمانەی کە ساڵانێکی زۆرە پیادەی کردووە، هەروەها کەسایەتییەکی جیهانی ناسراویشە لە هەموو بوارێکدا، هەروەها دەبێ دەنگ بە لیستی ژمارە 54 بدەین کە لیستی کوردستانییە، بۆئەوەی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە ببوژێتەوە و پتر بەرەو پێشەوە بچێت.

* **عەبدولقادر نورەدین ڕاهێنەری پایسکلسواریی هەولێر گوتی:** بەدڵنیاییەوە دەنگی خۆم دەدەم بە سەرۆک بارزانی لەبەرئەوەی سەرکردەیەکی بەتوانایە و لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوە ناسراوە هەر ئەمیش دەتوانێ مافەکانی گەلی کورد بەدەستبهێنێ، هەروەها خەمخۆری مافی کورد و مادەی 140 و سەرجەم وەرزشوانانە، هەروەها دەبێ دەنگ بە لیستی کوردستانیش بدەین، چونکە تاکو ئێستا خزمەتێکی زۆری پێشکەش بە کوردستان کردووە.

* **سامان محەمەد یاریزانی پایسکلسواریی یانەی هەولێر گوتی:** دەبێ هەموو کوردێکی ڕەسەن دەنگی خۆی بە خەمخۆری میللەتەکەمان مسعود بارزانی بدات، چونکە لەسەر دەستی بەڕێزیان کوردستان ڕۆژبەڕۆژ بەرەوپێشەوە دەچێت، هەروەها لیستی کوردستانی ژمارە 54 یش خاوەن ڕابردوویەکی پڕشنگدارە لە مێژووی کورد و کوردستان دەبێ هەموولایەکمان دەنگی بۆ بدەین و کارێکی وابکەین سەرکەوتنی تەواوبەدەستەوە بدات تا خوێنی شەهیدە سەربەرزەکانمان بەفیڕۆ نەچێت.

* **خەسرەو قەساب ڕاهێنەری بەرزکردنەوەی قورسایی لە شاری هەولێر گوتی:** دەبێ هەمووومان دەنگ بە ژمارە 12 ی سەرۆک بارزانی و لیستی 54 بدەین کە بەلیستی کوردستان ناسراوە، چونکە هەرئەمەیان خمخۆری میللەتە و لە ژێر سایەی ئەم لیستە هەموو بوارەکان بە وەرزشیشەوە پێشدەکەوێت.

* **بورهان عەلی جومعە وەرزشوانی دێرینی شاری هەولێر و سەرۆکی لەشجوانیی هەرێمی کوردستان گوتی:** خۆشحاڵم بە هەڵبژاردنی ئەمجارە و داوا لەسەرجەم وەرزشوانان دەکەم کە دەنگ بە ژمارە 12ی سەرۆک بارزانی بدەن کە ئێمەی بە هەموو دنیا ناساندووە، هەروەها دەبێ هەمووومان دەنگ بە لیستی ژمارە 54 بدەین، کە لیستی کوردستانییە و بە لیستی ئاوەدانکردنەوە و بوژانەوەی کوردستان ناوزەد دەکرێت.

* **سەردار ئیسماعیل حەویزی پاڵەوانی لەشجوانیی جیهانی گوتی:** پرۆسەی دەنگدان یەکێکە لە پرۆسە دیموکراتییەکان بۆیە هیوادارم هەموو وەرزشوانان دەنگی خۆیان بدەن بە سەرۆک بارزانی، چونکە خاوەن خەباتێکی دوورودرێژە، هەروەها لیستی کوردستانیش خاوەن چەندین خزمەتگوزاریی بەرچاوە بۆیە دەبێ دەنگی خۆمانی بۆ بدەین.

* **عادل کەمال پاڵەوانی لەشجوانیی نێودەوڵەتی گوتی:** دەبێ بەوپەڕی شانازییەوە دەنگ بە سەرۆک بارزانی و لیستی کوردستانی بدەین کە ژمارەیان 12 و 54ە، چونکە ئەمانە تاکە خەمخۆری کورد و کوردستانن لە هەموو بوارێکەوە.

* **عەبدولوەهاب عەبدولڕەزاق سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی هەولێر گوتی:** ئێمە وەک وەرزشوانان بە شانازییەوە بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەین و دەنگ دەدەین بە سەرۆک بارزانی چونکە کەسایەتییەکی شیاوە بۆ ئەو پۆستە، هەروەها دەنگ دەدەین بە لیستی کوردستانی، چونکە خەمخۆری هەموو میللەتی کوردە بە توێژی وەرزشوانانیشەوە.

* **ئەحمەد یوسف ناوبژیوانی پلە یەکی کوردستان و ئێراق گوتی:** من وەک وەرزشوانێک هیوادارم هەموو وەرزشوانێک دەنگ بە سەرۆک بارزانی بدات، چونکە کەسایەتییەکی شیاوە بۆ ئەو پۆستە، هەروەها دەنگ بە لیستی کوردستانیش دەدەین، چونکە لیستی خزمخەتگوزاری و بوژانەوەیە.

* **کانەبی عەزیز عەبدوڵلا ناوبژیوانی پلە یەکی کوردستان و ئێراق گوتی:** من دەنگ دەدەم بە لیستی ژمارە 54 و بۆ سەرۆکایەتی هەرێمیش دەنگ دەدەم بە ژمارە 12 ی سەرۆک بارزانی، چونکە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لە بوژانەوە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.



بورهان عەلی جومعە



سەردار ئیسماعیل



تاهیر سابیر



عەبدالقادر نورەدین



عادل کەمال



سامان محەمەد



خەسرۆ قەساب



کانەبی عەزیز